www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 21:39 28-8-2006

# مارەیی، سیستەمێکی دۆگمای نەگۆڕ.. ! هەستیار غەمگین

لەدوای هاتنی ئاینی ئیسلامەوە کۆمەڵێك دەق و سیستەم گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، جائەو تەغیرو گۆڕانکارییە تاکو چەندە خزمەت بووە بە ئەهل و شوێنکەوتوانی، ئەمەیان بۆ خۆیان دەگەڕێنمەوە.
بەڵام لێرەدا ئەمەوێ باس لەسیستەمێك بکەم کەزۆر حەساس و گرنگە ئەویش مارەیی ژنانە.
دیارە پێش هاتنی ئاینی ئیسلامیش کچ بەشوودان هەبوەو مەراسیم و بۆنەی تایبەتی خۆی بۆ گێڕراوە بەڵام ناتوانی لەیەك گۆشەوە لەو مەسەلەیە بڕوانی و باری سەنجەکانی تیادا قاڵکەیتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم پڕۆسەی هاوسەرگیریە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دەگۆڕێت و بەپێی عورف تەقالیدی ئەو جێگایە بەڕێدەکرێ. ئاینی ئیسلام لەلای خۆیەوە بەپێی ئەو دەسەڵات و یاسایەی کەلە قورئاندا بۆی دانراوە و ڕێگەی پێدراوە، مارەیی ئافرەتی داناوە، بەڵام ئاماژەی بەبڕی مارەییەکە نەکرودوە، لەبەرئەوەی ئەوەی ئەو پڕۆسەیە لەلای خەڵکی قورس نەکات و ناڕەزایی گەورە دروست بکات. ئەو کاتەی ئەم سیستەمە دانراوە مەرجی ئەوەی نەکردوە کەهیچ کەسێك بۆی نیە لێی لابدات و وەکەسیش تەحدید دیاری بکات
چونکە هەرلەسەردەمی"پێغەمبەر"دا کچ هەبوە بەئاڵقەیەکی ئاسن شووی کردوە، لەبەر ئەوەی کەسی بەرانبەری هاوئاینی بووە، ئەڵێن کەڕەتێك "عومەری کوڕی خەتاب" لەوتاری هەینیدا باسی مارەیی ژن ئەکات و دیاری ئەکات، بۆیە لەوکاتەدا ژنێك ڕەخنەی لێدەگرێ و پێی دەڵی:" لەسەردمی پێغەمبەردا مارەیی ژن دیاری نەکراوە، ئیدی تۆ چۆن دیاری دەکەی، بۆیە عومەر پەشیمان دەبێتەوەو دەڵێ:"عومەر هەڵەی کردو ژنێك ڕاستی کردەوە". دیارە مارەیی ئەوکاتە زیاتر بۆئەوەبووە کەژن بەشێوەیەکی گشتی خاوەنی دارایی خۆی نەبووە بۆیە ئەم بڕە مارەییەیان وەکو سەرمایە یەکی کەم بۆی گەڕاوە.
دوای هاتنی جیل بەجیلی نەتەوەو تێپەڕینی ئەو چەند هەزار ساڵە کەگۆڕانی لەزۆربەی بوارەکاندا کراوە
تەنها ئەو سیستەمە بەچەق بەستوویی ماوەتەوە. کۆمەڵگای کوردیش کەزۆرینەی زۆری دانیشتوانەکەی پەیڕەوی ئاینی ئیسلام دەکات ئەو پڕۆسەی هاوسەرگیریەی هەروەکو خۆی هێشتۆتەوە بگرە هەندێ بنەماڵە لێشیان زیاد کردوە، هەرچەندە ئەمڕۆ سەیر دەکەی زۆرینەی ئافرەتانی کورد خاوەنی دارایی خۆیانن و لەفەرمانگەیەکدا بڕێك موچە وەردەگرێ، یان مامۆستایە، کەچی بەداخەوە زۆرجار دەبینی ئەو کچانەی کەئاڵتوون و مەسروفاتێکی زۆریان بەکوڕکردوە لەتوێژە موچە خۆرانەبوە، خۆ ڕەنگە هەرپێویستیشی پێی نەبووبێت بەڵام هەر لەبەر ئەوەی عورف عادەت بووە.
کەوابوو هەتاوەکو کچانی کۆمەڵگای کوردی ئەو بیرکردنەوەیەیان هەبێت بۆژیان و ئەوە تێڕوانینیان بێت بەرانبەر ئەو پڕۆسەیە نەك بەپلە دوو بەڵکو دەبێت پلەی خوارتریش بۆخۆی بڕوانێ. لەبەر ئەوەی زۆرکچ هەبووە کاتێ کوڕێك چۆتە خوازبێنی کچە ئەوەندە خەیاڵی بیری لەومەسەلەیەکردۆتەوە کەلەفۆڕمێکی خۆفرۆشیدا خۆی بینیوەتەوە، بەبێ ئەوەی خۆی هەستی پێبکات.

Hastiar2006@yahoo. com